# سوڕێکی خامە

# بەدەوری

# (هاوڕێنامە)

وەڵامێك بۆ هاوڕێ نامەی هاوڕێ باخەوان

موحەممەد مەلا سعدالدین

مەحمود عبدالکریم

١٤٣٤ کۆچی ٢٧١١ کوردی

٢٠١٢ زاینی

ناوی پەرتوك:  سوڕێكی خامە بەدەوری هاوڕێنامە .

وەلاَمێكی كورتە بۆ بەشێك لەهەڵەو چەواشەكاریەكانی هاوڕێنامەی هاوریێ باخەوان

نوسینی : موحەممەد مەلا سعدالدین گەردی

مەحمود عبدالكریم گەردی

بڵاوكردنەوە لە ئەنتەرنێت بە pdf  :  ٢٠١٢

بابەت : وەڵامدانەوە.

مافی چاپكردنی بۆ هەموو كەسێكە بەمەرجی پاراستنی ناوەڕۆكەكەی .

بسم الله الرحمن الرحيم

## ناوەڕۆک :


| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| ٤ | ناوەڕۆک |
| ٥ | پێشەکی |
| ٨ | بەشی یەکەم<br>دژایەتی نوسەر لەگەڵ ئایینی ئیسلام و زانایانی ئایینی |
| ٣٤ | أ- دژایەتی نوسەر لەگەڵ ئایینی ئیسلام |
| ٣٤ | ب- ڕقی نوسەر بەرامبەر زانایانی ئایینی ئیسلام |
| ٥٠ | بەشی سێیەم<br>هەڵە سەیرەکانی نوسەر! |
| ٦٢ | لەکۆتاییدا |
| ٦٥ | سەرچاوەکان |

## پێشەکی :

بەناوی خوایەك کە مرۆڤی ڕێنوێنی کرد بۆ نوسین و خوێندنەوە ، بۆ تێفکرین و بیر کردنەوەو ورد بونەوە ، سوپاس و ستایش هەربۆ ئەوە کە بەهۆی پەیامبەرەوە جیهانی بەرەو روناکی برد ، کە ئەوهات ئەوی خەوش و پیسی بوو گشتی مرد ، بارانی رەحمەت بڕژێ بەسەر ئەو مرۆیە نازدارە ، ئەو بارانە بەیەك تاو بێ نەوەك تاو تاو وەك و تاوی بەهاران نەبێ ، ئەو رەحمەتە برژێ بەسەر یاوەرو هاورێ و بنەماڵەو شوێنکەوتوانی ، تا رۆژی هەتا هەتا ، بەهیوای ئەوەی ئێمەش لەو رەحمەتە بەردەوامە بێ بەش نەبین .

لەپاشان: ئەم چەند لاپەڕەیەی بەردەستت وەلاٚمێکی کورتی چەند هەڵەیەکی پەرتوکی (هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد)ی نوسەر هاوڕێ باخەوانە ، لە ساڵی ١٩٩٩[١] چاپی یەکەمی ئەو کتێبە لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بڵاو کراوەتەوە و لە

---

١- هەموو ئەو ساڵانەی کە لەو وەڵامدانەوەیەدا هاتووە بە مێژووی زاینین .

ساڵی ٢٠٠٥ یش چاپی دووەمی لە سایتەکانی ئینتەرنیت بڵاوبوەتەوە[٢] ، پەڕتوکەکە زیاتر لە رۆژ ژمێرێك دەچێت کە بۆ ڕوداوەکانی کوردستان یان ئەو ڕوداوانەی پەیوەندیان بەکوردەوە هەیە نوسرابێت ، چاپی دووەمی ئەو پەڕتووکە ١١٧١ لاپەڕەیە ، ڕوداوەکان ناو (هاوڕێنامە) لە پێش زاینەوە دەست پێدەکا تا ساڵی ٢٠٠٥ .

نوسەر لە سەرەتای باسەکانیدا بانگەشەی ئەوە دەکا کە ((ڕوداوەکان بەشێوەی بێلایەنانە تۆمارکراون بیّ ئەوەی دابشکێنرێتەوە بەلای لایەنێك یان ناوچەیەکدا[٣])) .

ئەگەر "هاوڕیّ باخەوان" لە "هاوڕێنامە"کەیدا ، لەسەر ئەو ڕێگا رون و بیّ خلیسکە دا رۆیشتبا خۆی توشی قۆرتی وا زل نەکردبا کە(لەمەودوا رون دەبێتەوە) ئێمە گلەییەکمان نەبوو ، بەڵکوو دەستخۆشیشمان لیّ دەکرد.

---

٢- ئێمە لە وەڵامدانەوەیدا تەنها چاپی دووەمی ئەو کتێبەمان کردۆتە سەرچاوەو چاپی یەکەمیمان لەبەر دەست نەبوە .

٣- لا : ٨ .

بەڵام ئێمە لەڕێگای کۆمەڵە ڕەخنەیەك کە لە پەرتووکەکەی دەگرین ئەوە بۆ هاوڕێ باخەوان و بۆ خوێنەرانی هاوڕێنامەش دەسەلمێنین کە ڕوداوەکان بێ لایەنانە نە نوسراون بەڵکو نوسەر دژایەتیەکی زۆری لەگەڵ ئایینی ئیسلام و زانایانی ئایینی ئیسلامدا هەیەوە هەمیشە حەز دەکا بە جاسوس و بێگانە پەرست ناوزەندیان بکات و سیفەتی خراپیان بداتە پاڵ .

ئێمە لەو کورتە وەڵامەدا نەهاتوین (ئەوی بن بەڕە بهێنینە سەر بەڕە) و هەڵە گەورەو بچوکەکانی ئەم پەرتوکە وە دەرخەین ، لەبەر هەڵەی زۆری کتێبەکەو لاوازی سەرچاوەکانی ، ئێمە تەنیا چەند هەڵەیەکی زەقی پیشان دەدەین وەك کوردیش دەڵێ: مشتێك نمونەی خەروارێکە ، ئیتر هیوادارین نیشانەمان پێکابێ و هاوڕێ و هاوڕێیانی هاوڕێشمان وەخەبەر هێنابێ ، یان لانی کەم توانیبێتمان خوێنەرانی هاوڕێ نامە هۆشیار بکەینەوە ، هیوامان وایە کە ئەم وەڵامدانەوەیە بگاتە دەستی نووسەرەکەی و هەڵەکانی بۆ ڕوون بێتەوە ئەگەر پێشوتر لەلای ڕوون نەبووبێت ، وەسودێك بەخوینەری کورد بگەیەنێ ، بەو هیوایە ...

# بەشی یەکەم

## دژایەتی نوسەر لەگەڵ ئایینی ئیسلام و زانایانی ئایین

### أ. دژایەتی نوسەر لەگەڵ ئاییینی ئیسلام

نووسەر دەربارەی ڕووداوەکانی ساڵی ٦٠٠ دەڵێ:((هێرشی عارەبە مسوڵمانەکان بۆ سەر کوردستان و داگیر کردنی هەروەها سوتاندنی زۆربەی زۆری پەرتوکی ئاینی و وێژەیی و زانستیەکانی کورد و روخانی شارستانی تێیدا عارەبەکان بەزۆری شمشێر کوردیان کردە مسوڵمان و وولاتەکەشیان کردە بەشێکی دەوڵەتی ئیسلامی عارەبی[٤])) .

پێش هەموو شتێك با ئێمە پێناسەی ئیسلام بهێنینەوە کە تەنها ئەو بەسە بۆ وەڵامدانەوەی گشت ووتەکانی هاوڕێ :

پێناسەی ئیسلام بەوجۆرەیە :

پابەند بوون و ملکەچی تەواو بۆ فەرمانەکانی خوای باڵادەست و دوور کەوتنەوە لەو شتانەی کە نەهی لێ کردووە و دوورکەوتنەوە

---

٤- لا : ٥٣ .

لەسەرکێشی ، بۆ باوەڕ هێنان شوێنیٚ:ی تایبەتی هەیە کە دڵە و زمانیش وەرگێڕی ئەو باوەڕەیە [٥].

ئەو کورتە پێناسەیە (کە هاوڕیٚ نایزانێت و ناشیەوێت بیزانێت) ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە هیچ کەسێك نایەتە ناو بازنەی ئیسلامەتی مەگەر بەخواستی تەواوەتی خۆی نەبێت ، باشە کەوا ئیسلام بەو جۆرە بێت هاوڕیٚ چۆن ڕێگە بەخۆی دەدات کە بوهتانی بەو جۆرە بەو ئاینە هەڵبەستێت !!.

بۆ وەڵامی ئەو خەیالأنەی رابردووی هاوڕێش پێویستمان بەچەند دێرێکە بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتر :

یەکەم: نوسەر کاتێك ئەو ڕووداوەی دەنووسی دەبوو تۆزێك بیری بکردایەتەوە و هەر ئەو قەوانە کۆنانەی لیٚ نەداباوە کە لە پێش ئەو لێدراونەتەوە ، تا هەڵەی کوشندەی لەو جۆرەی نەکردبا ، نووسەر چەندین هەڵەی کوشندەی تەنها لە تۆمارکردنی مێژووی ئەو ڕووداوە کردووە ، ئەو دەڵیٚ کە ساڵی ٦٠٠ مسوڵمانەکان هێرشیان کردبێتە سەر کوردستان !، ئێمە لەو دەپرسین : ساڵی ٦٠٠ ئایا ئیسلام بونی

---

٥- بڕوانە : قواعد العقائد ، ئیمامی غەزالی ، ١/١١٥ .

هەبوە تا دەوڵەتی ئیسلامی بونی هەبیٚ؟ ساڵی ٦٠٠ کەی دەوڵەتی ئیسلامی بونی هەبوە تا ئەوەندە بەهێز بیٚ بتوانیٚ (ناوچە کورد نشینەکان) بەماوەی ساڵێك رزگار بکا؟.

ئاشکرایە کە دەوڵەتی ئیسلامی لە سالی ٦٢٢ دامەزراوە ، هەڵبەتە لەسەرەتای دامەزراندنیشی ئەوەندە بەهێز نەبوە تا بتوانیٚ {پەلامار}ـی ناوچە کوردیەکان بدا .

بۆ نووسەر ڕوون دەکەینەوە کە : دەوڵەتی ئیسلامی دوای ڕێکەوتنی حودەیبیە لەسالی ٦٢٨ دەستی بەفراوان بوون کردووە ، ئەگەر ڕوداوەکە بونیشی هەبیٚ (کە نیەتی) دەبوو نوسەر پاش ساڵی ٦٢٨ بۆ ئەو ڕووداوە دانابا تا بەلایەنی کەم چەواشەکاریەکە کەمێك ڕێی تیٚ بچیٚ و بوهتانەکە وەك بوهتانی منداڵی خەڵك بوایە .

دووەم: نوسەر زۆر دەستەواژەی (ئیسلامی عارەبی) بەکاردێنیٚ ، ئەمەشی لەدوو لایەن هەڵەیە ، لەلایەك (عارەب) نیەو (عەرەب)ـە ، و لەلایەکی دیکەش ئاینی ئیسلام ئاینێکی گشتگیرە و تایبەت نیە تەنیا بەعەرەبەوە وەك زانراویشە عەرەبەکان یەکەم کەس بون دژایەتی

ئاینی ئیسلامیان کردوەو یەکەم کەسیش بون لە ئیسلام هەڵگەراونەتەوە! ئیدی بۆچی ئاینەکە پاڵ بدرێ بەلای نەتەوەیەك کە ئەوەندەی ئەوان دژایەتیان کردووە کەس نەیکردووە ؟!.

هەروەها کە دەڵێ (هێرشی عارەبا مسولمانەکان) هەڵەیەکی ترە خۆ کاکی نوسەر نەهاتوە ناوی یەك یەك لە ئەو کەسانە بنوسی کە لە لەشکرەکە دابون تا بڵێ: سەیرکەن عەرەبە مسوڵمانەکان هێرشیان کردە سەر ناوچە کوردیەکان ! وەك زانراوە غەیری عەرەب لە سەردەمی پیغەمبەردا ﷺ لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامی دا بونیان هەبوە ، وەك سەلمانی فارسی کە خەڵکی ئەصفەهانە و بیلالی حەبەشی خەڵکی حەبەشە ( مۆریتانیای ئێستا) بوو و جابانی کوردی و... ، وەبونی غەیری عەرەب لەهەر لەشکرێکی ئیسلامی شتێکی واقعی و حەتمی بوە.

سێیەم: نوسەر بە لێوانی دا نایێ و بەپێنوسی دا ناگەڕێ تەنیا یەك دانەش لەو کتێبانە بڵێ کە بەکتێبی زانستی و ئاینی و وێژەیی کورد ناویان دەبا ! بەکام سەرچاوە ئەوەت بۆ ساغ بۆوە کورد لەساڵی ٦٠٠ ئەو جۆرە کتێبانەی هەبوبێ؟ کە ئەو کتێبانەی

هەبوە بە چ زمانێك بون؟ کوا ناوی بەشێك لەو کتێبانە؟ کوا ناوی ئەو نوسەرە بەڕێزانە؟ لەنوسەر گەڕێن دەیەوێ بەچەند کاتژمێرێك لە نوسینەکەی ببێتەوە ! ئەی خوێنەر؟ خوێنەر بۆ ڕەخنە ناگرێ؟ بۆ داوای شتی لۆژیکی لە نوسەر ناکا؟ بۆچی کتێبێکی وا دەبێ خوێنەر وا بۆی عەودالٚ بێ کە هەفتەیەك زیاتر نەیانهێشتووە لەبازاردا بکەوێ؟ بۆچی خوێنەر نوسەری وا گەورە کردوە و چەندان چاوپێکەوتنی لە شاشەی تیڤیەکان بۆ ئەنجامداوە!

ئەمەی هاوڕێ کە باسی کرد دەربارەی سوتاندنی زۆربەی زۆری پەرتوکی ئاینی و وێژەیی و زانستیەکانی کورد لەلایەن مسوڵمانانەوە لە چەواشەکاری و خەیالٚ پڵاوی و قسەی سەیر و بێ ماناو بێ تام زیاتر هیچی تر نیە چەواشەکاریش لەبازاڕی مێژوودا فلسیکی سوتاو ناکا ، ئەوەتا کاك هیوا سەلام دەلێ: ((هەموو ژێدەرە مێژوییەکان جەخت لەوە دەکەن کە کورد لەسەردەمی فتوحاتی ئیسلامی دا نە دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆی هەبوە نەدینێکی

سەربەخۆی نەتەوەیی هەبوە[٦])) ئێمە نازانین "هاوڕێ" ئەو زانیاریانەی لەکوێ هێناوە !! .

چوارەم: زۆرم سەیرم پێهات کاتیك بینیم نوسەر بۆ ساڵی ٦٠٠ وشەی کوردستان بەکاردێنێ !! ، ئاخر کوردستان لەوکاتەیە یانی چی؟ سنووری جوگرافی ئەو کوردستانە چەند بوە ! توشی شۆك بوم و بیرم بۆ هەڵەی تایپ ڕۆیی (چونکە هێشتا هاوڕێ بە مێژونووس تێگەیشتبوم) چاوم گێڕا بە چەند لاپەڕەی تردا بینیم نوسەر بۆ ساڵی ١٠,٠٠٠ ی پێش زاینیش دەڵێ (( کۆتایی چاخی بلایستۆسین کە ئاو هەوای کوردستان لە ساردەوە بەرەو فێنك چوو[٧])) ، نوسەر باس لە ساڵی ١٠,٠٠٠ پێش زایین دەکات کەچی باسی کوردستان دەکا! ئەمە لە کاتێکدا وشەی کوردستان لە مێژودا بۆیەکەم جار لە گەشتنامەکەی گەڕیدەی ئیتاڵی مارکۆ پۆلۆدا هاتووە ئەو گەشتەش لە ساڵی ١٢٧١ دا بوە! لەوێش (کاردستان) هاتوە نەك کوردستان[٨] ،

---

٥- کورد لە نیوان بە ئیسلامکردن و ئیسلام بوندا ، لا : ٩ .

٦- لا: ١٧ .

٧- کورد لە نیوان بە ئیسلامکردن و ئیسلام بوندا: ٢١ .

لێرەدا دەردەکەوێ کە کە ناوی (کوردستان) لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٣ ی زاینی هاتۆتە کایەوە ، نەك وەك نوسەر بۆ ساڵی ١٠,٠٠٠ پێش زایین وشەی کوردستان بەکاردینێ!!

**پێنجەم:** نوسەر دەڵێ: **عارەبەکان بەزۆری شمشێر کوردیان کردە مسوڵمان** ، ئەمە بۆ نوسەر قسەیەکی زۆر سەیر نیە چونکە شارەزای ئایینی ئیسلام نیە ئەگەر شارەزا بوایە دەیزانی خودای گەورە دەفەرموێ : ﴿ وَقُلِ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ ۖ فَمَن شَآءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَآءَ فَلْيَكْفُرْ ۚ [9] ﴾، هەر کەس دەیەوێ باوەڕ بهێنێ با بیهێنی و هەرکەسیش لەسەر بێ باوەڕی خۆی دەمێنێتەوە با بمێنێتەوە ، لەئیسلامدا بەهیچ جۆرێك زۆر کردن لە دیندا نیە هەروەك خودای باڵادەست فەرمانی داوە﴿ لَآ إِكْرَاهَ فِى ٱلدِّينِ ۖ [10] ﴾

لە ئیسلامدا لەشتێکی بچوکی وەك کڕین و فرۆشتنندا پێویستە هەردوو لایەن ڕازی بن ئەگەر نا ئەو کڕین و فرۆشتنە دانامەزرێ ! بە

---

٨- سوڕەتی کەهف ، ئایەتی ٢٩ .

٩- سوڕەتی بەقەڕە ، ئایەتی ٢٥٦ .

زۆر لێکردن هیچ جۆره مامەڵەیەك دانامەزرێ ، باشه هاوڕێ و هاوڕێیانی چۆن ڕێگا بەخۆیان دەدەن دەمیان بەو جۆره بکەنەوه و بڵێن که ئیسلام به زۆر خەڵکی کردۆته مسوڵمان !! ، باشه ئێمه ئەوەش بۆ ئەو پێڕه ( هاوڕێ و هاوڕێیانی) ڕوون دەکەینەوه که له ئیسلامدا کەس به مسوڵمان قەبوڵ ناکرێ مەگەر به خۆشی خۆی نەبێت ( هەروەك له پێناسەی ئیسلام ڕوونمان کردەوه ) ، واته ئەگەر یەکێك بەزۆر بکرێته ئیسلام مسوڵمانیەتیەکەی لێ وەرناگیرێت ، مسوڵمان نیه ئەو کەسه!.

هاوڕێ باخەوان کاتێك ئەو قسانەی دەکرد دەبوو زانیاریەکی سەرتایی لەسەر ئیسلام هەبا و بیزانیبا که تەنها پێناسەی ئیسلام بەسه بۆ ئەوەی که گشت قسەکانی ئەو پوچەڵ ببێتەوه ، پێناسەیەکی دیکەی ئیسلام لەزمانی پێغەمبەرەوه ﷺ دەگوازینەوه که ئەویش بەو جۆرەیە : ( أن تسلم قلبك لله[11])واته ئیسلام ئەوەیە

---

١١- ئەوە دەقە پارچەیەکە لە فەرمودەیەك کە ئیبنو حیببان لە صەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردووه ، ژمارەکەشی : ١٦٠ ، دەقی فەرمودەکەش بەو جۆرەیە : کاتێك لە پێغەمبەر پرسیار کراوە کە ئیسلام

که دڵت تەسەلیمی خودا بکەیت ، ئەگەر ئیسلام بەدڵ نەبێت وەرناگیرێت ، باشە که بە دڵ نەبێت وەرنەگیرێت بۆچی خەڵك بەزۆر بکرێنە مسوڵمان لەکاتێکدا که ئیسلامەکەشیان لێ وەرنەگیرێت ؟؟؟!!! .

دواتر ئەگەر بەڕاستی ئاینی ئیسلام بەزۆری و بەزەبری شمشێر بڵاو ببوایە دەبوایە لەوناوچانەی که مسوڵمان فەتحی دەکەن یەك تاکی غەیرە دینی تیدا نەمابا ، دەبوایە لە کوردستانی عیراقدا یەزیدی و مەسیحی بونی نەمایە .

ئەگەر هاوڕێ باخەوان شارەزای کوردستان بێت و چاوێکی گێڕابێت بەناوچەکانی کوردستاندا دەیبینی که یەزیدیەکانی هەموو دونیا مەڵبەندی پەرستش و ڕووگەیان لالشی کوردستانیە ، چواردەورەکەی هەمووی مسوڵمانن و یەك کەس زۆری لێنەکردوون ببنە مسوڵمان ، بابێت و پیاسەیەك بە عەنکاوا بکات و ببینێت که

---

چیە ؟ ئەویش بەو جۆرە وەڵامی داوەتەوە : ( أن تسلم قلبك لله وأن توجه وجهك لله وأن تصلي الصلاة المكتوبة وتؤدي الزكاة المفروضة أخوان نصيران لايقبل الله من عبد توبة أشرك بعد إسلامه ) .

مەسیحیەکان چۆن لەسەر دینەکەیان ماون تا ئێستاش چواردەوریان هەمووی مسوڵمانە و کەسێکیان بەزۆر نەکراون بە مسوڵمان ، چەندین نمونەی لەم جۆرە لەناوچەکانی دیکەی شەقڵاوا و دهۆك و کۆیە و ناوچەکانی دیکە هەیە ، ئەگەر هاوڕێ بۆیان بگەڕێ دەیاندۆزێتەوە .

ئێمە مافی ئەوە بەخۆمان دەدەین کە لە هاوڕێ بپرسین کە : بۆچی کە دەوڵەتی ئیسلامی ڕووی لە لاوازی کرد کوردەکان بە تیکڕایی (یان بەشێکی زۆریان) هەڵنەگەرانەوە ؟ خۆ ئەوان ئاینیان بە زۆر بەسەردا سەپێنرابوو (بەوتەی هاوڕێ) ئێستا کە ئەو شمشێرە نەماوە کە کاتی خۆی کوردی بە زۆر کردبوە مسوڵمان بۆچی هەڵناگەڕێنەوە و لەو دینە پاشگەز نابنەوە ؟ .

دەکرێ هاوڕێ باخەوان ئەوەمان بۆ لێك بداتەوە کە تاکوو ئێستاشی لەگەڵدا بێت تاکی کورد ئامادەیە گشت ماڵ و سامانی یان بەشێکی زۆری سامانەکەی لەپێناو درووستکردنی مزگەوتێك هەرچەند بچوکیش بێت سەرف بکات؟ ئەو دیاردەیەش لەهەموو ناوچەکانی کوردستان بەبێ جیاوازی بوونی هەیە ، دەکرێ هاوڕێ لە

**شوێنی لەدایك بوونی خۆی (کەسولەیمانیە) پرسیاری ئەو بابەتە بکات .**

**هاوڕێ و هاوڕێیانی دەتوانن بۆ زیاتر شارەزا بون لەو بابەتە ئەگەر سەلیقەی خوێندنەوەیان هەبێت چەند لاپەڕەیەك لە نامیلکەی (کورد و خزمەتی ئیسلام ) بخوێننەوە تا بۆیان ڕوون بێتەوە لەکاتی هاتنی تۆگڕۆل بەگ بۆ بەغدا بەناو کوردستاندا چۆن کورد نەیانهێشتووە ئەو سوپایە بەناو خاکی کوردوستاندا هێرش بەرێتە سەر خەلیفەی عەبباسیەکان ، دوای ئەوەش کە خەلیفە بەویست و خواستی خۆی تۆگڕۆل بەگی هێناوەتە بەغدا کوردەکان هەر بەوکارەی ناڕازی بوون و بەردەوام بەرپەرچی مەغۆلیەکانیان داوەتەوە ، لەوکاتەدا بوو کە تۆگڕۆل بەگ بڕیاری یەکجاری دەدات کە کورد لەناو ببات ، بەڵام هەر زوو بۆی ڕوون دەبێتەوە کە ئەوکارە بەو و بەهەزارانی وەك ئەو ناکرێ ، بۆیە پاشگەز دەبێتەوە لەو بڕیارەی[١٢] .**

---

**١٢- کورد و خزمەتی ئیسلام لە کتێبی کورد و وڵاتەکەیان ، لا : ١١ .**

ئەگەر بمانەوێت نمونەی خزمەتی کورد بۆ ئیسلام و گیانفیداییان بۆ ئەو ئاینە بخەینە بەردەستی خوێنەر ئەوا لەوانەیە چەندین بەرگ کتێب بەشمان نەکات ، ئێمە سەرەنجی خوێنەر ڕادەکێشین بۆ خوێندنەوەی کتێبی ( علماؤنا في خدمة العلم والدين)ی ماموستا مەلا عبدالکریمی مودەرریس و کتێبی ( مێژووی زانایانی کورد) ی ماموستا مەلا تاهیر بەحەرکەیی ) و هەروەها کتێبی ( بوژانەوەی مێژووی زانایانی کورد لەڕێگای دەستخەتەکانیانەوە)ی موحەمەد عەلی قەرەداغی و هەروەها کتیبی (تأريخ مشاهير الكرد)ی بابا مەردۆخی ڕۆحانی ، تا بۆی ڕوون بێتەوە داخوا کورد چی کردووە بۆ ئەو ئیسلامە و چۆن بە خۆمانەی زانیوە نەك بێگانە .

ئێمە ناتوانین یەك یەك باس لە ڕزگارکردنی شارە کوردیەکان بکەین چونکە ئەوە پێویستی بە کتێبێکی سەربەخۆیە ، هەڵبەتە ئێمە ئەگەر ئەو کارە بکەین تەنیا بۆ وەڵامدانەوەی قسەی هاوڕێ وەك کوشتنی مێشوولە وایە بە تانك و زرێپۆش !! بەڵام ڕای چەند مێژوو نوسێکی کورد (ئەوەی کە هاوڕێ دەڵێ بەزۆر کراون بە مسوڵمان) و

**غەیری کورد بۆ بەدرۆ خستنەوەی بڵاوبونەوەی ئیسلام بە شمشێر ڕادەگوێزین .**

**مەسعود موحەممەد دەڵێ: (کورد خۆشحاڵ بوە بە هاتنی ئیسلام هەتا فارس و ڕۆمیان لە کۆڵ بکاتەوە[١٣])**

**موحەممەد جەمیل روژبەیانی دەڵێ: (وادیارە کوردەکان کە لەستەمی ساسانی بەتەنگ هاتبون ئەوان بون بە ڕێنومایی سوپای ئیسلام و شەڕیان بۆ شاهەنشاه نەکردوە و هەموو شارەکانیان هەر بەبێ شەڕ بەئاشتی داوە بەدەستەوە[١٤]).**

**هەروەها دەڵێ: ( بەڕابەری و پێشەنگی کوردان توانیان بە چیا سەختەکاندا هەڵگژێن و بەسەر ئیمپڕاتۆریەتی ساسانی دا زاڵ بن) .**

**هەڵبەتە قسەکانی موحەممەد جەمیل ڕۆژبەیانی زۆر لە ڕاستی و ڕووی ڕووداوەکانەوە نزیکن ، چونکە ئەگەر یارمەتی کوردەکان نەبووبا سووپای ئیسلامی زەحمەتی زۆری دەبینی لە جوگرافیای ناوچە کوردیەکان .**

---

**١٣- کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا: لا : ٤٠.**

**١٤- سەرچاوەی پێشوو: لا : ٤٠.**

موحەممەد مەردۆخی دەڵێ: ( کورد بەرەزامەندی خۆی ئاینی ئیسلامیان پەسەند کرد و مسوڵمان بون[١٥])

موحەممەدئەمین زەکی دەڵێ: ( کوردەکان بینیان و تێفکرین کە ئەم ئاینە تازەیە بەتەواوی موافقی تەبع و ویجدانیانە لەبەر ئەوە بە ئاسانی و بەرەبەرە قبوڵیان کرد).

هەژار موکریانی دەڵێ: ( ئاینی پاك و بێ گەردی ئیسلامەتی کە لەسەرەتاوە پەیدا بوە تیشکی برایەتی و یەکسانی وە چیاکانی کوردستانیش کەوتوە تاریکایی و ئاگر پەرستی لەسەر ڕواندوین و چاکان و پاکانی ئیسلامی پیشوو تێیان گەیاندوین کە مسولمانان هەموو پێکەوە بران و ڕەش و بۆر و سپی و مۆر و زەرد و کەوەیەك لە ئارادا نیە ، ئەگەر جاران کەمێکی بێ کەس بون وا ئیستا لە سایەی ئاینی تازەوە بونەتە زۆر و کەس زۆریان لێ ناکات[١٦]) .

هەروەها دەڵێ: (کوردەکان کە بینیان لە ئیسلامدا هەموو ڕەگەز و تیرەو هۆز و نەتەوەیەك لە بەرامبەر بارەگای ئیسلامەتیدا بە سانایی

---

١٥- هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەرە .

١٦- سەرچاوەی پێشوو: لا : ٤١.

دەحەوێتەوە کوردیش کە چونەتە ژێر سێبەری ئالأی پیرۆزی ئەم ئاینە پاکەوە دیتویانە وەك بیستویانە وایە مسوڵمان هەموو پێکەوە بران و بۆ یەکتر پشت و پەنان[١٧] ) .

هەروەها ئێمە ووتەی دوو مێژوونوسی غەیرە کورد دەگوازینەوە وەك بەڵگە بۆ ووتەکانمان :

یەکەمیان: گۆستاڤ لۆبۆن دەڵێ: (هێز فاکتەر نەبوە لە بڵاوبونەوەی قورئان چونکە فاتیحەکان لە خەڵك گەڕان لەسەر ئاینی خۆیان بمێننەوە[١٨]).

دووەمیان: تۆماس ئارنۆلد دەڵێ: (ئەو فیکرەیەی بڵاوبۆتەوە سەبارەت بەوەی شمشێر هۆکار بوە بۆ کردنی خەڵك بە مسوڵمان فیکرەیەکە زەحمەتە بروای پێ بکریت[١٩]) .

مێژوونوسێکی تری کوردیش ماوە ئەویش هاوڕێ باخەوانە ! لە لا ٥٣ ی کتێبەکەی دا بۆ ساڵی ٦١١ دەڵێ : ((یەکەم کورد

---

١٧- سەرچاوەی پێشوو: لا : ١٨٧-١٨٨.

١٨- بە ئیسلام کردنی کورد ماستەر نامە یان هەڵە نامە: لا : ٣٦ .

١٩- سەرچاوەی پیشوو ، لا : ٤١ .

کەبەخواهیشتی خۆی بوە مسوڵمان کە نێوی جاوان یان گاوان-کابان بو ومەیمونی کوڕیشی هەر بەویستی خۆی بوە مسوڵمان)).

کە دەڵێ یەکەم کورد ئەوە دەسەلمێنێ کە کوردی تریش بە ویست و ئارەزوی خۆیان بونەتە مسوڵمان چونکە ئەوە سەلمێنراوە کە ئەگەر دووەم و سێیەم نەبێت ، بوونی یەکەم خەیاڵ دەبێت ، کە خۆت دانت نا هەندێك لەکوردەکان بەویست و ئارەزوی خۆیان بونەتە مسوڵمان بۆچی ئەو حوکمە گشتیە دەردەکەی عارەبەکان بەزۆری شمشێر کوردیان کردە مسوڵمان؟.

ئەوە جگە لەوەی کە تێبینیشمان لەسەر ئەو بەشە ووتەشی ئەوەیە کە : هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی نیە کە ساڵی ٦١١ جاوان بوبێتە مسوڵمان ، چونکە ئەو ساڵە بانگەوازی ئیسلام هێشتا بە نهێنی بوەو ئاشکرا نەکراوە ڕێی تێ ناچێ- یان زۆر زەحمەتە - کوردێك بە بانگەوازێك بزانێ لەشاری مەککە کە هێشتا خەڵکی ناوچەکە زۆربەیان نەیان زانی بێ !! .

هەر لەو قسانەیدا هەڵەیەکی دیکە بەدی دەکرێ ئەویش پێکەوە لکاندنی مسوڵمان بونی جاوان و مەیمونە لە ساڵێکدا چونکە ئەوەی

زانراوە جاوان هاوەڵ بوەو پێغەمبەری ﷺ دیتوەو مەیمونە تابعی بوە واتە هاوەڵی دیتوە و پێغەمبەری نەدیتوە [٢٠]، ئەمە جگە لەوە مەیمون دوای مسوڵمان بونی باوکی لەدایك بوە بۆیە جاوانی باوکی ناوی ناوە (مەیمون) واتە پیرۆز بۆ ئەوەی پیرۆز بیت بە بەرەکەتی ئیسلامەتی[٢١].

ئێمە بۆ ئەوەی ئەگەر هاوڕێ و هاوڕێیانی دڵنیا نەبووبن هێشتا بەو باسە ، باسی رزگار کردنی چەند شارێکی کورد نشین لە پێنوسی مێژوونوسانەوە دەگوازینەوە ، تا بەتەواوی دڵنیا بن :

بەلازیری دەڵێ: ( هاشم هەڵیکوتایە سەر حەلوان و بە ئاشتی گرتی پاشان چوو بۆ دینەوەر لەوێوە چوو بۆ (قرماسین–کرماشان) بە ئاشتی ریك کەوتن).

ئیبن ئەسیر دەڵێ: (نەعیم و قەعقاع کەوتنە رێ بۆ هەمەدان لەگەڵ حاکمی شار بە ئاشتی ڕێك کەوتن) .

ئەبو یوسف دەڵێ: (جزیرە بە ئاشتی ڕزگار کرا)

---

٢٠– عقد الجمان ، ١/ ١٧ و ١٩ ، ومشاهير الكرد ، لا : ١٥٥ .

٢١– بروانە: میژووی زانایانی کورد ،١ /٢٣٩ .

ئیبن ئەعسەم دەڵێ (مسوڵمانەکان چونە خانەقین بەبێ شەڕ پاشان چونە قەسری شیرین بەبێ شەڕ).

هەروەها دەڵێ: ( عیازی کوری غەنەم سوپایەکی بە فەرماندەیی عەمری کوری سەعد نارد بۆ شاری سنجار و بە ئاشتی ریك کەوتن[٢٢])

ئەوەی بۆ خوێنەرمان گواستەوە بەشێك بوو لە باسی ئازادکردنی شارە کوردیەکان تا حوکمە سەرپێیەکەی هاوڕێ لەخۆوە هەڵوەشێتەوە .

ئێمەو خوێنەر چەند قسەیەکی تری هاوڕی دەخوێنینەوە ، نووسەر دەڵێ :((ساڵی ٦٣٤ تا ٦٤٤ هێرشی عارەبە مسوڵمانەکان بۆ نێوچەی شارەزوری باشوری کوردستان[٢٣])) .

وەڵام : لەوە دەچێ نوسەر شارەزور بە ناوچەیەکی هیندستان تێگەیشتبێ ! ئەگەرنا چۆن دەڵێ شارەزوور ساڵی ٦٣٦ هێرشی کرایە سەر ، لەکاتێکدا ئەو یەك لاپەڕە لەوەو پێش گوتبوی ساڵی

---

٢٢- کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا: لا : ١٩٧ .

٢٣- لا : ٥٤ .

٦٠٠ (کوردستان)! داگیر کراوە؟ ، ئەوەی سەیرە تەنیا یەك تاقە ساڵی بۆ داگیرکردنی (کوردستان!) داناوە کەچی ماوەی ١٠ ساڵی بۆ ناوچەیەکی وەك شارەزوور داناوە!.

چەند لاپەڕەیەکی دیکە لەو کتێبە هەڵدەدەینەوە ودیسان شتێکی سەیر بەدی دەکەین ئەویش ئەوەیە  کە نوسەر بۆ ڕووداوەکانی ساڵی ٧٣٠ دەڵێ:((لەدوای ئەم ساڵەوە عارەبەکان بەتەواوی دەستیانگرت بەسەر کوردستاندا[٢٤])) .

وەڵام :نوسەر خەریکە بەجۆرێك سەر لەخۆی وخوێنەرانی بشێوێنێ کە نەتوانێ بەلای ڕاستی نوسیندا بێتەوە ، خۆ ئێستا ئەگەر بەخۆی کتێبەکەی خۆی بخوێنێتەوە و بەچاوی ئینسافەوە سەیری بکات سەری سوڕ دەمینێ ! دەست بە ئاخ و ئۆف دەکات لە دەست ئەم ئسلوبی نوسینەی خۆی ! .

ئێستا خوێنەر نازانێ کامە ساڵ ئەو ساڵەیە کە مسوڵمانەکانی هاتوونەتە (کوردستان!) ! ئایا ساڵی ٦٠٠هـ یان ساڵی ٦٣٤هـ یان ساڵی ٧٣٠ ! ، ئەو سێ مێژووە ئەگەر تاقە ساڵێك یان دوو ساڵ

---

٢٤- لا : ٥٥ .

لەنێوانیاندا بوایە هەڵەیەکی وا زل تەماشا نەدەکرا بەڵام ئەو جیاوازیە بۆ یەك ڕوداو هیچ پاساوێکی بۆ نیە ، ئەم جۆرە ڕوداو تۆمارکردنە کە دوو ساڵ بۆ ڕوداویك دابنرێت وە ساڵەکانیش سەدەیەك (جاری وا هەیە زیاتریش) لە نێوانیاندا بێت لە کتێبەکەیدا زۆر بەرچاو دەکەوێت کە خوێنەر ناچار دەکات ڕێك و ڕاست بۆ ساڵێکیان بڵێ درۆیە – هەڵبەتە لەوانەیە هەندێ جار هەردوو مێژووەکەشیان هەڵە بێت – بۆ ئەو ووتەیەشمان دوو نمونە دەهێنینەوە :

١ – لە (لا : ٧٧) ساڵی ١٤٠٧ بۆ لەدیك بونی مەلای جزیری داناوە کەچی لە (لا : ٨٥) ساڵی ١٥٧٠ بۆ هەمان ڕوداو داناوە !! .

٢ – لە (لا : ١٢٢) ساڵی ١٧٩٨ بۆ لەدایك بونی حەمدی شاعیر داناوە کەچی لە (لا : ١٨٥ )ساڵی ١٨٧٦ بۆ هەمان ڕوداو داناوە!! .

لەم دوو نمونەیەدا ئەوە بۆ خوێنەر ڕوون دەبێتەوە کە نووسەر نەك هەر هیچ دەربارەی مێژوو نازانێت ، بەڵکو چاویشی نەحشاندووە بە چەند کتێبێکی مێژویی!! .

بۆ ساڵی ١٩٨٥ نوسەر دەڵێ: ((**شەهید کردنی عبدولخالق مەعروف لەشاری هەولێر ، نێو براو پەرتوکێکی بەنێوی ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا دەرکرد کە هەموی ڕەخنە بو بۆ سەر ئایینی ئیسلامی بێگانە**[٢٥]))

**وەڵام:**

**یەکەم: نوسەر خۆشی نازانێ دەیەوێ بڵی چی !! ، ئەو مەبەستەی دەیەوێ ناتوانێ بیدا بەدەستەوە ، ئایا دەیەوێ بڵێ کە ساڵی ١٩٨٥ ساڵی دەرچونی کتێبەکەشە جگە لەوەی ساڵی شەهید بونیەتی؟ ئەگەر وایە بۆ واناڵێ؟ ، ئایا دەیەوێ بڵێ بەهۆی ئەو کتێبەوە شەهید کرا؟ ئەی بۆ واناڵێ؟ ئەگەر مەبەستی وایە بەڵگەی چیە؟ ، ئایا مەبەستیەتی بڵێ ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا یەکێکە لە کتێبەکانی عبدولخالق مەعروف؟ ئەگەر مەبەستی وایە بۆ تەنیا ئەو کتێبەی عبدولخالق مەعروف باس دەکا بۆچی کەباسی نوسەرانی تر دەکا نوسراوی ئەوان باس ناکا؟**

---

٢٥- لا : ٦٣١ .

ئەم جۆرە نەزانیە لە نوسیندا شتێکی تاقانە نیە بروانە لا ٢٣٩ بۆ ساڵی ١٩١٠ز بزانە چی دەڵێ: (( کۆچی دوایی هۆزانەوان مەلا عبد الله ی حاجی قادری کۆیی)) ، ئێستا خوێنەر پێبکەنێ یان بگری؟ پێبکەنێ لەبەر ئەو نوکتەیە ، یان بگری لەبەر ئەوەی هاوڕێ باخەوان کتێبی مێژوویی بنوسێ؟ خوێنەر لەو وتەیەی سەرەوە وا حاڵی دەبێت کە حاجی قادری شاعیر کوڕێکی هەبێ و کوڕەکەی شاعیر بێ و مەلاش بێ و ناویشی عبدالله بێ ، بەڵام دواتر بیری دەکەوێتەوە کە حاجی قادر ژنی نەهێناوە[٢٦]، حاجی خۆشی لەبەیتیکدا دەڵێ:

هەر منم ئیستە وارسی عیسا

بێ ژن و بێ ماڵ و کور و مەئوا

ناچار خوێنەری بێ گوناح دەستێکی دەکەوێتە ئەم لاو دەستێکی تری دەکەوێتە لای تر .

دووەم: دواتر ئەگەر بەڕاستی ئایینی ئیسلام بێگانەیە بۆچی زۆری هەرە زۆری کورد مسوڵمانن؟ ئەی تورکەکان؟ فارس؟....... .

---

٢٦- بڕوانە مێژووی ئەدەبی کوردی ، ١٣٢/٤ .

**ئایینی ئیسلام چەمکێکی مرۆڤایەتی و جیهان گیری هەڵگرتوە بۆ کەس بێگانە نیە (مەگەر هاوڕێ نەبێ) ١٤٠٠ ساڵە .**

**خودای گەورە دەفەرموێ :** ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٞ[٢٧] ﴾ **وە دەشفەرموێ :** ﴿ إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ إِخۡوَةٞ[٢٨] ﴾ **پیغەمبەری مەزن دەفەرموێ (ألا لا فضل لعربي على أعجمي ولا لعجمي على عربي ولا لأحمر على أسود ولا أسود على أحمر إلا بالتقوى[٢٩]).**

**ئەمانە گشتیان بنەما ڕەسەنەکانن کە ئاینی ئیسلامی لەسەر بنیات نراوە ، ئەگەر هاوڕێ ئەو ئاینەی پێ بێگانەیە ئەوا لە نافامی خۆیەتی ، وەگەر نا هەرکەس کە تۆزێك خوێندەواری هەبێت دەتوانێ ئەو دەقانەی وەچنگ بکەوێت ئەگەر مەبەستی بەدواگەڕانی ڕاستی بێت .**

---

**٢٧- قوڕئانی پیرۆز ، سوڕەتی حوجوڕات ، ئایەتی ١٣ .**

**٢٨- قوڕئانی پیرۆز ، سوڕەتی حوجوڕات ، ئایەتی ١٠ .**

**٢٩- بەشێکە لە فەرمودەیەکی درێژ کە ئیمامی ئەحمەد لە موسنەدەکەیدا ڕیوایەتی کردووە بە ژمارە : ٢٣٥٣٦ .**

هەروەك تۆڵستۆی دەڵێ:(پەیام و بەرنامەكەی موحەممەد هەموو جیهان دەگرێتەوە چونكە یەكانگیرە لەگەڵ عەقڵ و حیكمەت) [٣٠] .

ئەگەر دینی ئیسلام تایبەت بوایە بەعەرەبانەوە ئەوا عەرەب هەرگیزاو هەرگیز بە سەركردایەتی سەلاحەددینی كورد و محمد فاتحی تورك ڕازی نەدەبون و لەژێر ئاڵای ئەواندا شەڕیان نەدەكرد

هەڵبەتە ئەگەر عەرەب دینەكەیان بەتەنها بە هی خۆیان بزانیبا ، هەرگیز ڕازی نەدەبوون زانایەك لەسەمەرقەند و بوخارا و زانایەك لە ئەندەلوس و زانایەكی تر كە حەبەشی بوە ، ئەو دینەیان خزمەت بكات.

چۆنی مامۆستا هەژار باسی دەكا هەر وایە (كوردەكان كە بینیان لە ئیسلامدا هەموو رەگەز و تیرەو هۆز و نەتەوەیەك لە بەرامبەر بارەگای ئیسلامەتیدا بە سانایی دەحەوێتەوە كوردیش كە چونەتە ژێر سێبەری ئاڵای پیرۆزی ئەم ئاینە پاكەوە دیتویانە وەك بیستویانە وایە مسوڵمان هەموو پیكەوە بران و بۆ یەكتر پشت و پەنان[٣١] )

---

٣٠- تەنها محمد ، پشتیوان كاكل: لا ٧ .

٣١- كوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا ، لا : ١٨٧-١٨٨ .

**یان مامۆستا عەلائەددین سەجادی:** (( **کە ئیسلام هاتە ناوەوە ، ئیسلام ئەو شانازی کردنە بەخۆو بە باوباپیرەوە – چ لەناو عەرەب و چ لەناو غەیری عەرەبدا – پیشاندەوەو بەدەستوری** ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَٰكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَٰكُمْ شُعُوبًا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْ ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ [٣٢] ﴾**بەیەك چاو سەیری هەموو نەتەوەکانی کرد و تەنها بایەخی بەوەدا کە گەورەو خۆشەویست لای خوا ئەو کەسەیە کە عبادەت و تەقواو لەخوا ترسانی هەبێ ، لێرە هەمویانی یەکسان کرد و کەسی بەسەر کەسا بە زیاد دانەنا))** [٣٣] .

---

**٣٢- قورئانی پیرۆز ، سورەتی حوجورات ، ئایەتی ١٣ .**

**٣٣- میژووی پەخشانی کوردی ، لا ١٤ .**

جێگای داخ و کەسەرە کە ببینین لە جێگای شەڕەفخان و محمد ئەمین زەکی جۆرە کەسانێك مێژوو بنووسن کە گاڵتە بە مێژووی کورد و مێژووی ئیسلام وخزمەتی کورد بەو ئاینە بکەن ! شاعیر دەڵێ:

ئەلێم بەدڵ لەناخەوە گەڵێ گەڵێ بەداخەوە
نەما گوڵێ لەگوڵشەنا یا میوەیە بەباخەوە
هەر درك و داڵی جەهلە بەس لەم پاییزی زەمانەدا
سەوزایی عیلم و مەعریفەت نەما بەدەشت و شاخەوە

# بەشی دووەم

# ڕقی نوسەر بەرامبەر زانایانی ئیسلام

## ١. مەلا ئیدریسی بەدلیسی :

بۆ ڕووداوەکانی ساڵی ١٥٢٠ دەڵێ:((کۆچی دوایی مەلا ئیدریسی بەدلیسی کە سیخوڕێکی ئالی عوسمانی بو[٣٤])) .

وەڵام : ئێمە حەقی خۆمانە لە هاوڕێ بپرسین سیخوڕیەکەی مەلا ئیدریسی بدلیسی چی بوە؟ ئایا سیخوڕیەکەی هەر ئەوەبوە کە بۆ کورد هەوڵی داوە و بۆ کورد ماندوو بوە؟ ئایا گشت ئەوانەی کە بەو جۆرە خزمەتی کوردیان کردووە لەلای هاوڕێ سیخورن ؟؟!! ئایا چەمکی سیخوڕی لای هاوڕێ چ مانایەکی شاراوەی هەیە؟ ئێمە ئەو مانا شاراوەیە بۆ خوێنەری هاوڕێنامە ڕوون دەکەینەوە:

لەشەرەفنامە دا هاتوە مەلا ئیدریس بەرامبەر سوڵتان سەلیم گوتویەتی:(میرەکانی کوردستان لە بەزەیی شاهانەتان چاوەنێرن

---

٣٤- لا : ٨٢ .

ولّگەی باب و باپیرانیان پیّ ببەخشی و یەکێکیشیان هەر لەخۆیان بۆ بکەی بەسەرداری گشتی[٣٥]).

ئەمە قسەی مەلا ئیدریسە لەلای سوڵتان سەلیم کە ڕوون و ئاشکرایە کە هەوڵی پێکهێنانی دەوڵەتێکی یەکگرتوی بۆ کورد داوە یان هەوڵی داوە کورد خۆی خۆی بەڕێوە ببات ، ئەو هەوڵەی مەلا ئیدریس لەلایەن سوڵتان سەلیم پەسەند بوە بەلاّم میرەکان خۆیان لەسەر سەرداری گشتی رازی نەبون ! .

ئەم دەقەی خوارەوەی محمد زەکیش خزمەت بەوباتەمان دەکا و یەکانگیرە لەگەڵ وتەکانی شەڕەفخان : (( وكان مولانا أول من تمكن من تأسيس إدارة داخلية في كردستان تتفق وإحتياجات ذلك العهد وذلك لصالح العثمانيين ، ووضع أسسا صالحة ملائمة للقومية الكردية بأقدامه على تطبيق نظام (الفيدراسيون) " نظام الولايات أو الحكومات المتحدة" وبتسهيله المحافظة على دوام الإمارات الكردية المحلية ، ولو لم يتقدم هذه الأمارات على إثارة الفتن والإقتتال فيما

٣٥- مەلا ئیدریسی بدلیسی ، حەسەن مەحمود حەمە کەریم (لا ١٢٤:) ئەویش لە شەڕەفنامەی وەرگرتوە .

بينهما ولو اتفقت كلمتها على الإتحاد والتعاون ، لكانت قد آمنت مستقبلا رائعا حسنا للأكراد[٣٦] )).

ئەو وتەیەی (هاوڕێ) پێچەوانەی ئەوو وتەیەتی کە (لا : ٣)ی کتێبەکەیدا دەڵێ : کتێبەکەم پێشکەشە بە گیان و کردەوەکانی شەرەفخانی بدلیسی ، ئەی بۆچی ناگەڕێیتەوە بۆ کتێبی شەرەفنامە و بزانی میر شەرفخان چۆن ڕوداوەکانی ئەو سەردەمە تۆمار دەکا؟ بەڵام پێدەچێ ئەو پێشەکیە بە بریق و باقەی تەنها بۆ ڕەواج دان بە کتێبەکەی خۆی نوسیبێت و هیچی تر !!

ئەمەشمان بیرچوو کە بڵێین پێناسەی سیخوڕ لای هاوڕێ بەم جۆرەیە: (خزمەت کردنی زانا مێژەر بەسەرە کوردەکان بۆ خاك و نەتەوەو گەل و ئاینیان) ئەم پێناسەیە هاوڕێ نەیوتوە (یان ڕاست تر بلێین نەینوسیوە) بەڵام بە سیخوڕ ناوبردنی خەمخۆرانی کورد لەلایەن هاوڕێوە ئێمەی ناچار کرد کە لە گۆشە نیگای هاوڕێ بەم جۆرە بخوێنینەوە[٣٧] (بەهیوای ئەوەی بمان بورێ) .

---

٣٦- مشاهير الكرد وكردستان: ١١١ .

٣٧- لەمەودوا باشتر لە چەمکی سیخور حاڵی دەبین لەلایەن هاوڕێوە .

**شوكور موستەفا (وەك بڵێی ڕووی دەمی لە هاوڕێ باخەوان بێت) دەڵێ: ((بەداخەوە هێندێ نەخوێندەواری نەزان و سەر لێشێواو و مایە پوچ شاڵاو دەبەنە سەر ئیدریسی بەدلیسی جنێوی دەدەنێ لەسەر ئەوەی کە لەشەڕی چاڵدێراندا کوردەکانی بەلای عوسمانیدا کێشاوە ، هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی مەلا ئیدریسی بەدلیسی کە لە سایەی ڕێبەری (ڕامیاری) و خوێنەواریی ئەوەوەیە شاری بەدلیس بەو بچوکیەوەی بوەتە جێگای شانازی گەلی کورد[٣٨])).**

**ئیبنو عیمادی حەنبەلی دەربارەی مەلا ئیدریس دەڵێ: ((العالم الفاضل)) واتە : زانای پایەبەرز ، وەدەڵێ: ((بالجملة كان من نوادر الدهر ومفردات العصر[٣٩])) واتە : بەگشتی یەکێك بوولە تاکەکان لەسەردەمی خۆیدا و نمونەی کەم بوو .**

**وە ماموستا مەلا عبدالکریم مودەڕریس لە (علماؤنا في خدمة العلم والدين، لا :٨٧) وە محمد ئەمین زەکی بەگ لە (مشاهير الكرد**

---

**٣٨- ئیدریسی بەدلیسی ، نوسینی محمد بایڕەقدار ، وەرگێڕانی : شوکور مستەفا ، پێشەکی لا : ٧-٨ .**

**٣٩- شذرات الذهب: ١٣٢/٨ .**

وكردستان ، لا :١١٠) هەمان ووتە دوبارە دەکەنەوە ، هەروەها لە عقد الجمان: ٥٩٥/١ و ٥٩٧ هەمان ووتە دەستدەکەوێت .

وە موحەممەد ئەمین زەکی دەڵێ: ((هو من فضلاء الأكراد الذائعي الصيت ، وكان معروفا ب" الحكيم " )) .

وەك بينيمان ڕای مێژوونوسان تەواو پێچەوانەی قسەکەی هاوڕێ باخەوانە ، ئەو تەنیا بەدوای ئەوە دا دەگەڕێ تانەو تەشەڕ لە زانایانی ئایین بگرێ بۆ ئەو کارەشی تەنها سەرچاوەی گیرفانیەتی نەزیاتر !!

## ٢. مەلای خەتیٚ :

دەربارەی ڕووداوەکانی ساڵی ١٧٨٥ دەڵیٚ ((لە دایك بونی خۆ فرۆشی میٚژویی مەلای خەتیٚ[٤٠])) .

وەڵام :هاوڕیٚ باخەوان بەردەوامە لە لەکەدار کردنی زانایانی ئایینی و بە سیخور ناوبردنیان بیٚ ئەوەی بۆ سەرچاوە باوەڕ پیٚکراوەکانیش بگەریٚتەوە چونکە دەزانیٚ گەر بۆ سەرچاوەی باوەڕ پیٚکراو بگەڕیٚ ئەو شتانەی دەست ناکەویٚ کە خۆی دەیەویٚ چونکە ئەو بەدوای خەون و ئەفسانەو بوختتان دەگریٚ نەك بۆ ڕاستی میٚژوویی .

ئەو دەیەویٚ چۆنی دەویٚ میژوو ئاوابیٚ ، ئەوی سەیرە بەدەمی دانایی هۆی بە سیخوڕ ناوبردنیان بڵیٚ .

ئیٚمە چەند وتەیەکی زانای گەورەی کورد ئیبراهیم فەصیح حەیدری دەگوازینەوە کە سەراپا مەدح و پیا هەڵدانە بە مەلای خەتیٚ ، مامۆستای حەیدری دەفەرمویٚ: ((العلامة المحقق والفهامة المدقق صاحب الذهن الوقاد والفكر النقاد وشيخ العلماء الورع الصالح

---

٤٠- لا : ١١٧ .

اللوذعي محمد الخطي الكردي وكان من أعظم علماء العراق وقد انتفع به خلق كثير وصار شيخ عصره في كل فن وكانت له اليد الطولى في التحقيق والتدقيق أخذ عنه علماء أعلام[٤١])) .

**ماموٚستا مەلا عبد الكريم مودرريس دەفەرمویٚ: (( هو العالم العلامة والحبر الفهامة أستاذ العلماء الأفاضل وقدوة المحققين الأماثل[٤٢])).**

**ماموٚستا مەسعود موحەممەد دەڵێ: (محمدی خەتیٚ یەکێکە لەهەرە زاناکانی زانستەکانی ئیسلام لەسەردەمی خوٚیدا[٤٣]) ، هەروەها لە شوێنێکی تردا دەڵێ: ( هەر خوٚی خاس سەروٚك و خاس بلیمەت و خاس مەردێکە[٤٤]) .**

**زوبەیر بیلال ئیسماعیل دەفەرمویٚ: (( جمع الملا محمد الخطي بين مختلف العلوم المعروفة في عهده[٤٥])) .**

---

٤١- عنوان المجد لا : ١٤٣ .

٤٢- علماؤنا في خدمة العلم والدين لا : ٥١٢ .

٤٣- لەپەرۆشەکانی ژیان: ل ١٠٠ .

٤٤- لەپەرۆشەکانی ژیان: ل ١١٣ .

٤٥- علماء ومدارس في أربيل: ١١٤ .

ئێمه وای بۆ دەچین هۆکاری ناوبردنی مەلا موحەممەدی خەتیٚ بە سیخوڕ بەهۆی ئەو فەتوا هەڵبەستراوە بیٚ کە حوزنی موکریانی نزیکەی دوای سەدەیەك لە کوژرانی میر موحەممەد بۆی دروست کردووە کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا جێگای تێڕامان و پرسیار کردنە بۆچی دوای نزیکەی سەدەیەك کوژرانی میر محمد باس لەو فەتوایە بکرێت؟[٤٦] بۆچی کەس پێش حوزنی موکوریانی ئەو فەتوایەی تۆمارە نەکردووە ! ئەی کەوایە کوا فەتوا کە[٤٧] ؟ بۆچی ئەو مێژوونوسانەی باس لە بونی ئەو فەتوایە دەکەن ناکۆکیان هەیە لە جۆری فەتواکە؟ هەریەکەیان بە جۆرێك باسی فەتواکە دەکەن !!،

---

٤٦- لەم بارەوە مسعود محمد دەڵێ: ((بەخەیاڵی هیچ کوردێکیش دا نەهاتبو مەلای خەتیٚ بەر گومان بکات نە لەدەمی ژیانی خۆیدا نە لەپاش ئەو دەمەش ، هەتا سەرەتاکانی ئەم سەدەیە کە سەنگاندنی کۆنە روداو بەتازە عەیارەی نرخاندنی بەرژەوەندان دەستی پێکرد))، لە پەرۆشەکانی ژیان: ل ٩٨ .

٤٧- د.مارف خەزنەدار دەڵێ: (( بەلای ئێمەوە مەسەلەی فەتوای مەلا مەحەمەدی خەتیٚ تا ئێستا وەك روداوێکی مێژوویی ساغ نەبۆتەوە ، زیاتر قسەی ناو خەلك و سەرزارە تا ئێستا دوکومێنتێك نەدۆزراوەتەوە ئەم فەتوایەی تێدا نوسرابیٚ)) ، مێژوویی ئەدەبی کوردی: ٤/٢٠ .

بۆچی موحەممەد ئەمین زەکی کە هاوسەردەمی حوزنی موکریانی بوە باسی ئەو فەتوایە ناکات؟!.

ئەو پرسیارانە و چەندین پرسیاری دیکەش کە بە خەیاڵی مرۆڤدا دێت ، ئەفسانە بوونی ئەو فەتوایە دووپات دەکەنەوە ! .

ئەوەی دەبێ بگوترێ کە دوای ڕوخانی میرنشینی سۆران و گەڕانەوەی مەلا موحەممەد بۆ گوندی خەتێ شاعیری گەورەی کورد حاجی قادری کۆیی و مەلا عبد الله ی جەلی زادە دەرسیان لەلا خوێندوە کەچی حاجی قادر لە هیچ شیعرێك لە شیعرەکانی دا ئاماژە بۆ ئەوە ناکا کە مەلا موحەممەدی خەتی سیخوڕ بوبێ یان لانی کەم هێرش بکاتە سەری .

هەڵبەتە کە ئەگەر مەلای خەتێ سیخوڕ بوبێ ئەوا دەبێ هەردوو قوتابیەکەشی وا بوبن ! یان لانی کەم کەمتەرخەم بووینە لە ئاست مێژووی کورد و دڵسۆز نەبونە بۆ کورد ئەگەر نا بۆچی باسی ئەو خیانەتە گەورەیان نەکردووە کە ماموستاکەیان لە میللەت و نیشتیمانەکەی خۆی کردووە؟ ، بیریاری کورد مامۆستا مەسعود موحەممەد دەڵێ: (خۆ ئەگەر خەتێ کارێکی وای کردبێ و دوایش

چارەنوس حاجی قادری بۆ خوێندن بردبێتە لای و لە نێزیکەوە ئاشنای کاروباری بوبێ ، هەردەبو لە شیعرەکانی نیوەی دووەمی تەمەنیدا کە هۆشی بەرەو نەتەوایەتی کرابۆوە و چاکەو خراپەی تێدەگەیشت باسی کردبا ، ئاخەر هیچ شتێکی زەرەر بەخش و سود بەخشی لە بواری نەتەوایەتیدا نەهێشتۆتەوە بەهەڵنان یا ریسوایی باسی نەکا و دیوانەکەی کە بۆنی ئەو وەهمەی تێدانیە خەتێ و زانای پێ تۆمەتبار بکا یا زەمی بکا[٤٨] .

پێمانوایە ئەوانەی ڕوخانی میرنشینی سۆران دەدەنە پاڵ مەلای خەتێ گاڵتە بە ئەقڵی خوێنەری خۆیان دەکەن ئەگەر نا قابیلە میرنشینێکی وابەهێز بە فەتوایەك بڕوخێت؟.

میری سۆران هێرشی زۆری کردبوە سەر میرنشینە کوردییەکان و خەڵکێکی زۆری لەکوردەکان کوشتبوو نە مەلای خەتی توانیویەتی ئەو شەڕە بە فەتواییك ڕابگری[٤٩] ، نەکەسیش توانای ڕاگرتنی هەبوە

---

٤٨- هاوسەنگکردنەوەی تەرازوویەکی سەنگەلا: ل ٧٩ .

٤٩- مسعود محمد دەڵێ: ((لەسەرەتای دانانی مەلای خەتێ بە باش مەلا و مەرجەعی دینی لەقەڵەم ڕەوی پاشای کۆرەدا ڕێکەوتنێك و پەیمانێکی بنجی و سەرەتایی هەبووە لەمیانی پاشاو مەلادا لەسەر ئەوە کە نەپاشا

**، ئەی چی بو توانی ئەو شەڕە گەورەی کە بڕیار بوو ڕووبدا لەنێوان عوسمانیەکان و میرنشینی سۆران مەلای خەتیٚ توانی ڕای بگرێت؟**

**دوای ئەوە ئەگەر مەلا محمد خەتیٚ سیخوڕ بوە بۆچی پاشای کۆرە نەی کوشتوە[٥٠]؟ ، لە کاتێکدا چەندین کەسی لە خزمە نزیکەکانی خۆی (وەك مامەکانی) کوشتوە ، وە ئەگەر سیخوڕ بوە بۆچی دوای ڕۆیشتنی لە ڕواندوز خەڵکی ئەویٚ بەداوی داچون و دوبارە گەڕاندیتیانەوە ڕواندوز؟ ئەم "مێژوونووس"انە زۆربەی خەڵکی ڕواندوز و پاشای گەورە بە خەواڵوو دەزانن سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی مەلای خەتیٚ کە لەیەکەوە نزیك بون و هاوسەردەمی یەکتر بون ، وە خۆیان بە ڕۆستەمی زاڵ دەزانن لەو هەڵسەنگاندنەدا**

---

**تێکەڵ بیٚ لەکاری سەر بەشەرع و ئاینەوە و نەمەلاش دەخلێکی بیٚ بەسەر کاروباری حوکمڕانی و هەڵسوڕاندنی ئیشی دونیاییەوە)) .**
**حاجی قادری کۆیی/ بەشی دووەم: ل ٧١ .**
**٥٠- (دڵم داوام لێدەکات سوێند بخۆم کە پاشا مەلای وەها دەئەنجنی قیمەی لەکونی بێژنگەوە بەر ببنەوە ئەگەر بیزانیبایە نیازێکی هەیە لەدڵدا ئازار بە ئیمارەتەکەی بگەیەنێت) . مسعود محمد/ لەپەرۆشەکانی ژیان: ل ١٠٥- ١٠٦**

لە کاتێکدا نزیکترینی ئەو مێژونوسانە کە حوزنی موکریانیە (بەپێ ی نوسینی هاوڕێ) ٤٩ سال دوای کوژرانی پاشای کۆرە ئینجا حوزنی موکریانی لە دایك بوە! .

ئەوەی سەیرە و لەسەیر سەیرترە هاوڕێ خۆشی باوەری بەو فەتوایە نیە وەك بۆ بەرواری ٠٠-٨-١٨٣٦ دەڵێ: ((**لە ئەنجامی هێرشی تورك بۆسەر میرنشینی سۆران و بڕانی ئاوو خواردەمەنی لە هێزەکانی پاشای کۆرە لەشاری رەواندوزدا ، پاشای کۆرە خۆی دایە دەست هیزەکانی تورکەوەو بەدیلی بردیان بۆ ئەستانە**[٥١])).

کەواتە خۆ بەدەستەوەدانی پاشا لەناچاری بوە و بەهۆی نەمانی ئازووقەوە بوە نەك فەتوا! ئەی کەواتە کاك هاوڕێ مەلای خەتێ بۆ سیخوڕ بوە؟ سیخوریەکەی چی بو؟ کوا سەرچاوەت؟ ئێمە چاوەڕێ ی ئەم وەڵامانە دەکەین (تا ئەو کاتەی ووشتر لە کونی دەرزیەوە دەچێتە ژوورەوە) ، هەروەك ئەوەی سیخوڕ بونی مەلای خەتێ مێژوو لە گەردەنی هاوڕێ ی تۆق کردبێ ! هاورێ دەیەوێ بەزەبری کوتەك زانا

---

٥١- لا : ١٥٤ .

**ئاینیه خەم خۆرەکان (وەك پیشتر وتمان) بکا بە سیخوڕ و خۆفرۆش!! .**

**ئێمە زۆر لەسەر ئەو بابەتە ناڕۆین چونکە پەیمانی کورت بڕیمان بە خوێنەر داوە وە نوسینەکەی هاوڕێش شایەنی ئەوندەش نەبوو پێمانوایە زوڵممان لێ کرد چونکە قسەیەکی سەرپێ ی بازاری بوو بە نوسینی مێژوونوسان نەدەچوو .**

**وەئەو باسە (مەسەلەی فەتوای مەلای خەتێ) زۆری لەسەر نوسراوە خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ چەند سەرچاوەیەکی وەك :**

**محمد پاشا الرواندوزی ، دانراوی : مەلا تاهیر مەلا عبداللە بەحەرکەیی– عەرەبی.**

**فەتواکەی مەلای خەتێ ، لە دانراوی : حەسەن مەحمود حەمە کریم–کوردی .**

## ٣. مەلا یەحیای مزوری :

بۆ ڕووداوەکانی ساڵی ١٨٣٩ نوسەر دەڵێ: ((مردنی سیخوڕی بەناوبانگ مەلا یەحیای مزوری[٥٢])) .

وەڵام :نوسەر هەر لە خۆڕا خەتی ڕەش و سپی بەسەر کەسایەتیەکان دەدا بەبێ هیچ لێکۆڵینەوەیەك ئاخەر مێژوو نوسین کەی وایە !! ، ئەوەی سەیرە دەڵێ سیخوڕی بەناوبانگ! وەك ئەوەی باسی شتێك بکا کە هەموو مرۆڤایەتی بیزانێ یان لانی کەم هەموو کوردیك بیزانێ! ئێمە لەجیاتی ئەوەی بۆ قسەکانی نووسەر چەپڵە لێ بدەین ئەوا بۆ قسەی مێژوو نوسان دەگەڕێینەوە:

سەرەتا زانای گەورە ئیبراهیم فەصیح حەیدەری دەڵێ: (( العلامة النحرير جامع المنقول والمعقول حاوي الفرع والأصول الولي الحافظ المعمر شيخي وسندي وشيخ مشايخ العراق بالاتفاق الشيخ يحيى المزوري العمادي.......[٥٣]).

---

٥٢- لا : ١٥٨ .

٥٣- عنوان المجد ، لا : ١١٨ .

**له شوێنێکی تردا دەفەرموێ (( الولي الكامل المعارف الذي قد بلغ من المكارم الأخلاق وتواضع النفس حد لم نره في أحد من المعاصرين[٥٤])).**

**مێژوو زان موحەممەد ئەمین زەکی بەگ لەوەسفی مەلا یەحیا دا دەڵێ (( من علماء الأكراد المشهورين بالعلم والتقوى[٥٥])).**

**مامۆستا مەلا عبدالكريم مودەرریس دەفەرموێ: ((هو العالم العلامة شافعي الزمان كهف العرفان يحيى حسين المزوري[٥٦])).**

**هەروەها مامۆستای مودەریس لە شوێنێکی تردا دەفەرموێ: ((مەلا یەحیا پایەیەکی بەرزی لە زانستدا بووەو بە شيخ الكل في الكل بەناوبانگ بووە ، شەهامەت و غیرەتێکی زۆری بوە لە ئەمر بەچاکەو نەهی لە خراپەدا لەکەس نەسڵەمیوەتەوە ، لە زانستی حەدیثدا واریثی شیخی بوخاری و لە فیقهی شافعیدا جێنشینی ئیبنو حەجەر بووە[٥٧])) ، هەروەها مامۆستا عبد الكريم لە مامۆستا ئیبراهیم**

---

**٥٤- عنوان المجد لا : ١٣٥ .**

**٥٥- مشاهير الكرد وكردستان لا : ٤٢٧ .**

**٥٦- علماونا فى خدمه العلم والدين لا : ٦٢١ .**

**٥٧- یادی مەردان: ٩٢/١ پەراوێز .**

فەصیح حەیدەری دەگوێزێتەوە کە لە پەرتوکی (المجد التالد) دا نوسیویەتی:( مەولانا مەلا یەحیای مزوری لە گەورە گەورانی ئوممەتی موحەممەدەو لە فیقهدا گەیشتووەتە پلەی تەرجیح سەرەرای ئەوەی دەریا بوە لە علومی عەقلی و نەقلی دا لە حیکمەت و فەلەکیات و ریاضیات دا دەستێکی بالآی بووە ، زنجیرەی ئیجازەی گەلیٚ لە مەلایانی کوردستان ئەگەرێنەوە سەر ئەم..... )[٥٨] .

خوێنەر کە سەیری وتەیەی ئەم مامۆستا و مێژوونوسانە دەکاو چاوێکیش بەو وتە شرانەی هاورِیٚ باخەوانیش دەخشێنێت!! جیاوازی ئەم دوو وتەیە وەك نێوانی ئاسمان و رِێسمان دەبینێت.

لەهەر شوێنێك"هاورِیٚ" وتەیەکی دژی زانایەکی ئایینی ببینیٚ بەبیٚ بەدواداچون (بەڵکو بەتاسەوە) تۆماری دەکا ، ئەمە بوە هاورِێنامە یان هەڵە نامە ؟ .

---

٥٨- یادی مەردان: ٩٢/١ پەراوێز .

## بەشی سێیەم

## هەڵە سەیرەکانی نوسەر

### أ. چەند قسەیەکی سەیری هاورێ:

یەکەم: بۆ ڕووداوەکانی ساڵی ٩٥١ دەڵێ: (( نوسەری عارەب مەسعودی ڕای دەگەیەنێت کە گوندێك لە ناوچەی ئەسەد ئاباددا بەنێوی کوردەوە هەیە[٥٩])).

تێبینیمان لەسەر ئەو ووتەیەی :

خەڵکینە دەسا وەرن ئەو دوو دێڕە بخوێننەوە و بزانن کە ئەو "مێژووزانە" دەڵێ چی !! ئەو "نووسەر"ە وادەزانێ ئەو کات تەلەفزیۆن و ئینتەرنیت و مایکرۆفۆن و کۆنگرەو ڤیستیڤاڵ ئەوشتانە هەبوە تا مەسعودی بێ و کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی بۆ ئەو مەبەستە ببەستێ !!.

نوسینی ساڵ بۆ ئەو جۆرە ووتانە شتێکی ناواقیعیە ، مومکین نیە کەسێك بزانێ مەسعودی لەچ ساڵێك ئەو زانیاریەی تۆمار کردوە ،

---

٥٩- لا : ٦٠ .

بەشێك لە كتێبە كۆنەكان دوای تەواو بونی كتێبەكە لە كۆتا لاپەرە "بەدەگمەن" ساڵی تەواو بونی كتێبەكە دەنوسن نەك ساڵی تۆماركردنی یەك یەك لە زانیاریەكان !! ، واتە مەرج نیە ساڵی تەواو بونی كتێبێك ساڵی دەستپێكردنیشی بێ تا خوێنەر هەر زانیاریەكی بینی بڵێ ئەوە لەو ساڵە تۆماركراوە كە ساڵی تەواو بونی كتێبەكەیە ، جار وەیە نوسەر ٢٠ ساڵ بە كتێبێك خەریك دەبێ– هەروەك هاوڕێش چەندین ساڵ بە كتێبە مێژوییەكەی خەریك بوە ! –، ئەم حاڵەتە لەچەند شوێنێكی تریش بەسەر هاوڕێ باخەواندا دوبارە دەبنەوە بەلام با ئەمە نمونەیەك بێ لە نمونەكان .

دووەم: بۆ بەرواری ٣١-١-١٩٢٧ دەڵێ: (( ڕوودانی شەڕێك لەدەربەندی بەدلیس، لە نێوان تورك و شۆڕشگێرە توركەكاندا سەرەنجام كوردەكان سەركەوتن[٦٠])).

ئێمە ئەسڵەن لەو ووتانە نەگەیشتین ! باشە ئەوە مانای چی كە تورك و شۆڕشگێڕی تورك شەڕیان كردووە!! ، ئەوە چ پەیوەندی بە

---

٦٠- لا : ٣٤٩ .

مێژووی و کوردستان و کوردەوە هەیە ؟ ، باشە لەو شۆرشەدا بۆچی کورد قازانجی کرد !! ، لەڕاستیدا ئێمە سەرمان سوڕماوە !! .

لەلایەکی دیکەشەوە ، ئەگەر مەبەستی (تورك) لە حکومەتی تورکی بوایە ئەوا دەبوو بینوسیبا لەنێوان حکومەتی تورك و شۆڕشگێڕە تورکەکان ، چونکە ناکرێت بڵێین تورك و شۆڕگێڕی تورکی شەڕیان کردووە ، چونکە شۆڕشگێڕە تورکەکانیش هەر تورکن !! .

سێیەم: هاوڕێ بۆ ساڵی ١٧٨٨ دەڵێ " ((کۆچی دوایی عوسمان پاشای بابان[٦١]))خوا لێی خۆشبی ، دواتر بۆ ساڵی ١٧٨٩ دەڵێ ((عوسمان پاشای بابان جاڕی سەربەخۆی دا[٦٢])) .

ئەم دوو ڕوداوە ساڵێکیان جیاوازی هەیە وە لە هەمان لاپەڕە دان ، ئەگەر خوێنەر تێبینی ئەو دوو مێژووە بکات دەبینێ کە ساڵی کۆچی دوایی عوسمان پاشا ساڵێك پێش جاڕدانیەتی بۆ سەربەخۆیی !! ئێمە وا لە هاوڕێ دەگەین کە بەلایەوە ئاسایی بێت کە کەسێك دوای مردنیشی جاڕی سەربەخۆیی بدات !! .

---

٦١- لا : ١١٩ .

٦٢- لا : ١١٩ .

## جیاوازی ساڵی ڕوداوەکان :

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا جاری وا هەیە دوو ساڵی زۆر لێك دوری بۆ یەك ڕووداو داناوە ، ئەم جارە ئاماژە بەوە دەدەین کە ساڵەکان لێکەوە نزیکن ڕوداویش هەمان ڕوداوە ، نوسەر تەنیا بۆ زیاد کردنی قەبارەی کتێبەکەی وای کردوە وەئەگەرنا حیکمەت لەو کارە سەیرانە چیە؟ یان چ بەربەستێك هەبوو لە لابردنی یەکێکیان؟ ، ئێمە لێرەدا چەند نمونەیەك دەهێنینەوە :

١) بۆ لە دایك بونی شێخ مارفی نۆدەیی هەردوو ساڵی ١٧٥٣ و ساڵی ١٧٦١ دانراوە !! .

ئەو دوو مێژووە جیاوازەی لە هەردوو لاپەڕەی ١٠٩ و ١١٠ تۆمار کردووە.

٢) بۆ لە دایك بونی شاعیر (کوردی) هەردوو ساڵی ١٨٠٣ و ساڵی ١٨٠٩ دانراوە !! .

ئەو دوو مێژووە جیاوازەی لە هەردوو لاپەڕەی ١٢٦ و ١٣٠ تۆمار کردووە.

٣) بۆ کۆچی دوایی شاعیر مەحوی هەردوو ساڵی ١٩٠٤ و ساڵی ١٩٠٩ دانراوە !!

ئەو دوو مێژووە جیاوازەی لە هەردوو لاپەڕەی ٢٢٥ و٢٣٨ تۆمار کردووە .

٤) بۆ لەدایك بوونی تۆفیق وەهبی هەردوو ساڵی ١٨٨٨ و١٨٩١ دانراوە !!

ئەو دوو مێژووە جیاوازەی لە هەردوو لاپەڕەی ٢٠٥ و٢٠٩ تۆمار کردووە .

٥) بۆ لەدایك بوونی حوسەین حوزنی موکریانی هەردوو ساڵی ١٨٨٦ و ١٨٩٣ دانراوە !!.

ئەو دوو مێژووە جیاوازەی لە هەردوو لاپەڕەی ٢٠٣ و٢١٢ تۆمار کردووە .

٦) بۆ لەدایك بونی مەلای گەورەی کۆیە هەردوو ساڵی ١٨٧٦ و ١٨٨٠ دانراوە !!.

ئەو دوو مێژووە جیاوازەی لە هەردوو لاپەڕەی ١٨٥و١٩١ تۆمار کردووە .

٧) بۆ کۆچی دوایی شاعیر وەفایی هەردوو ساڵی ١٨٩٢ و ١٨٩٩ دانراوە !!.

ئەو دوو مێژووە جیاوازەی لە هەردوو لاپەڕەی ٢١٠ و ٢١٩ تۆمار کردووە

## ب. دوبـاره كردنەوەی زانیاری:

ئەمجارە ڕوداوێكی مێژوویی دوجار تۆمار كردنی وە دانانی لەیەك ساڵدا :

١. ساڵی ١٨٩٨ز لەدایك بونی رفیق حیلمی لەلا ٢١٨ دووجار نوسراوە .
٢. ساڵی ١٩٢٧ز لەدایك بونی دیلان لا ٣٤٦ هەمدیسان دوجار نوسراوە لەیەك لاپەرەدا .
٣. ١٩٠٨ز كۆچی دوایی حاجی مەلا عەبدوڵلای جەلی زادە لەكۆیە لا ٢٣٣ ، دوجارو لاپەڕەیەك .
٤. ١٩٠٣ز لەدایك بونی مەلا مستەفا بارزانی لا ٢٢٨ ، بەدوبارەیی بەلام جارێكیان بەرواری بۆ زیاد كردووە بەرواری ١٩٠٣/٣/١٤ بۆ داناوە .
٥. ساڵی ١٨٧٤ز لەدایك بونی شیخ محمد شیخ ڕەزای تالەبانی (خالیسی) لا ١٨٣ . دوبارەی كردۆتەوە لەیەك لاپەرەدا!
٦. كۆچی دوایی خاڵیسی ساڵی ١٩٢٥ز لا ٣٣١ ، هەمان ڕوداو و هەمان ساڵ بەلام ئەم جارە لاپەرەی گۆڕیوە لا ٣٣٤ .

## ت. گێرانەوەی ڕوداوەکانی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیران بە پێنوسی نوسەر:

پێ پێ لەگەڵ چەند زانیاریەکی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیراندا دەڕۆین لەکتێبە میژویەکەی هاوڕێ باخەواندا:

١٠-٢-١٩٢٥ ((ڕزگارکردنی شاری لیجە لەلایەن شۆڕشگێڕەکانی شێخ سەعیدی پیرانەوە[٦٣])) .

لەم چەند بەروارەی خوارەوەش کە هەمویان ساڵی ١٩٢٥ز ە هەر باسی شۆڕشەکەی شیخ سەعیدە:

٢/١٤ ، ٢/١٥ ، ٢/٢٢ ، ٢/٢٤ ، ٢/٢٥ ، ٢/٢٦ ٣/١ ،

وە لە ٣/٣ دەڵێ: (( بەهۆی ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیرانەوە کابینەی تورکیا هەڵدەوەشێتەوە وە کابینەیەکی وەزیرانی فاشستتر دێتە کایەوە[٦٤]))

لەگەڵ هاوڕێدا گەیشتینە چڵە پۆپەی شۆڕشەکەو کابینەی حکومەتی تورکیاش هەڵوەشایەوە ، بەڵام هاوڕێ دێتەوە سەرەتا!

---

٦٣- لا : ٣٣٤ .

٦٤- لا : ٣٣٦ .

چۆن؟  بەم شێوەیە: ١٩٢٥/٣/٧ دەڵێ (( بەرپابونی شۆڕشە مەزنەکەی باکوری کوردستان بەسەرکردایەتی شێخ سەعیدی پیران کە بوە هۆی کوشتنی ٥٠ هەزار سەربازی تورك[٦٥])) ، وە بۆ دوبارە کردنەوەی ئەو بەروارەی ڕابردوو دیسانەوە بۆ ١٩٢٥/٣/٢١ز دەڵێ: (( دەبوایە لەم ڕۆژی نەورۆزەدا شۆڕشەکەی شیخ سەید {سەعید} هەڵبگیرسایە بەلاّم لەبەر پشێویەك لەنێو موریدەکانی دا بەدوو هەفتە پێشتر هەڵگیرسا.....[٦٦])) .

خوێنەر لەم قسانەی هاوڕێ وا حاڵی دەبێ چەند شارێك بەدەست شۆڕشگێڕەکانی شێخ سەعید وە ئازاد کرابێ وەکابینەی حکومەت هەڵوەشابیتەوە ئەو هەموو ڕوداوەش پێش ئەوەی شۆڕش دەست پێ بکات !! .

چاوەڕوان مەکەن کۆتایی شۆڕشەکەشمان بەتەوای بۆ تۆمار بکا چونکە لەبەرواری ١٩٢٥/٧/٢٨ز دەڵێ: (( کۆتایهاتنی داوەریکردنی

---

٦٥- ل : ٣٣٦ .

٦٦- ل : ٣٣٧ .

**شێخ سەعیدی پیران کەپاشان لەگەڵ ٥٣ سەرۆکی تری کورد لە سێدارەدران**[٦٧].

**ئەمە هاوڕێ نامەیە بۆ مێژووی کوردستان و کورد باس لە داوەریکردنی شێخ سەعید دەکا لە کاتێك (بەپێ ی نوسینی خۆی) لە بەروارێکی زووتر شیخ سەعید لە سێدارە دراوە!! لەبەرواری ١٩٢٥/٦/٣٠ دەڵێ: (( لە سێدارەدانی شێخ سەعیدی پیران و ٤٨ کەسی تر لەلایەن تورکەکانەوە**[٦٨] )) .

**ئیمە ناحەق دەبوین ئەگەر ڕەخنەمان لە هاوڕێ باخەوان و کتێبەکەی گرتبا بە مەرجێك ناوی کتێبەکەی (هەڵە نامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد) با نەك هاوڕێنامە .**

---

٦٧- لا : ٣٣٨ .

٦٨- لا : ٣٣٨ .

## پ. دوو ڕەخنەی تر:

**یەکەم:** لەناو شاعیرانی کورددا دوو شاعیر هەن کە نازناویان سالمە ، یەکێکیان عەبدولڕەحمان موحەممەدە کە ساڵی ١٨٠٥ لەدایك بوە ، وە سالی ١٨٦٩ کۆچی دوایی کردوە[٦٩] ، وە سالمەکەی تر ناوی سەلیم ئەحمەدە لەساڵی ١٨٤٨ لەدایك بوە ، وە لەساڵی ١٩١١ کۆچی دوایی کردوە[٧٠]، ئەم زانیاریانەمان بۆ ئەوە بوو خوێنەر لەو هەڵەی خوارەوەی هاوڕێی باشتر لا ڕوون بێت:

بۆ ساڵی ١٨٩٨ لە لاپەرە ٢١٥ دا هاوڕێ دەڵێ: (( کۆچی دوایی هۆزانەوان سالم)) ، هەڵبەتە هەرکام لەو دوو سالمەی باسمان کرد مەبەست بێ هەڵەی کردوە .

---

٦٩- مێـــژووی ئـــەدەبی کـــوردی: ٣ /١٥٥ و ١٥٧ ، وە مێـــژووی وێـــژەیی کوردی: ٥٨٩/٢

٧٠- مێـــژووی ئـــەدەبی کـــوردی: ٦٣٧/٤ ، مێـــژویی ویـــژەیی کـــوردی: ٢٥٧/٢

دووەم: بۆ ساڵی ١٩٢٥ز دەڵێ: ((ئەحمەد عوسمان بوە پارێزگاری هەولێر نێوبراو کوڕی ملا ئەفەندیە[٧١]))

زۆرم حەز دەکرد بزانم ئەو ئەحمەد عوسمان ناوە بۆ بوەتە کوڕی ملا ئەفەندی؟ لە کاتێکدا ملا ئەفەندی ناوی ئەبوبەکرە باوکیشی ناوی عومەرە[٧٢] !!

عەبباس عەزاوی ناوی دوو کوڕی ملا ئەفەندی دەبا یەکێکیان عزالدین و ئەویتریان قاسم[٧٣].

ئینجا نازانم زانیاریەکەی هاوڕێ باخەوان چۆن لێك بدەمەوە!! وە چۆنی بۆ چارەسەر بکەم!

یاریەکی منداڵانەم بیر دێتەوە کە جاروبار مندالان بۆ گاڵتە کردن بەیەکتری ناوی کەسێکیان دەهێنا لەگەل ناوی باوکی دەیان وت باوکی ناوی چیە؟ دیارە منداڵەکان دەیان زانی چونکە پرسیارەکە وەڵامیشی لەگەڵە ، بەڵام هاوڕێ نایزانی وەك ئەوەی لێی بپرسین

---

٧١- لا : ٣١٨

٧٢- بڕوانە علماؤنا في خدمة العلم والدين ، لا : ٣٤ ، يان مشاهير الكرد وكردستان ، لا : ٩٢ .

٧٣- أربل في مختلف العصور : لا : ١٥٠ .

ئەحمەد عوسمان ناوی باوکی چیە؟ ئەویش بڵێ ئەبوبەکر! چونکە ئەبوبەکر ناوی ملا ئەفەندیە مەلا ئەفەندی نازناوە .

## لەکۆتاییدا :

ئێمە لەو کورتە ڕوونکردنەوەیەمان ئەوەی مەبەستمان بوو ئەوەبوو کە بەخوێنەر ڕابگەیەنین کە ئەو "هاوڕێیە" کتێبەکەی تەنها بۆ ئەوە نووسیوە کە چەواشەکاری پێوە بکات و مەبەستی دیکەی لەپشتەوە نیە ، لەوانەشە مەبەستی دیکەی هەبێت ، وەك خۆدەرخستن و شتی دیکەش کە شوێنی باسکردنیان نیە ! .

ئێمە وەنەبێت بەدوای هەڵەکانی ئەو "کۆلکە" نووسەرە گەڕابین و هەموویمان لە دوو توێی ئەو کورتە ڕوونکردنەوەیەدا و چەند لاپەڕەیەدا باس کردبێ ! نەخێر ، ئەگەر ئێمە بمان ویستبا ئەو کارە بکەین ئەوا دەبوا چەندین لاپەڕە بنووسین ، بەڵام ئێمە حەوصەڵەمان هەر ئەوەندە بوو ، ئیتر ناتوانین چیتر هەڵەکان بنوسین و ڕەتی بکەینەوە لەبەر زۆریان وە هەندێکیان پێویستیان بە ڕونکردنەوەی زۆرە هەر بۆ نمونە: هاوڕێ ساڵی ١٨٣٤ بە ساڵی نامە ناردنی نالی دادەنێ لەمەککەوە! لەکاتێکدا ئەم نامەیە دوای روخانی میرنشینی بابان بوە وەك لە نامەکەدا دەردەکەوێ ئەی ئەوە نیە نالی دەفەرموێ:

ئایا مەقامی روخسەتە لەم بەینە بێمەوە؟

یان مەسڵەحەت تەوەقوفە تا یەومی نەفخی صور؟

یان کە سالم وەڵامی دەداتەوە:

لەو ساڵەوە کە حاکمانی بەبە دەر بەدەر کران

نەیدیوە کەس لە چەهرەی کەس جەوهەری هونەر

پێویست ناکا ئێمە بیڵێین دوو دێرەکە خۆیان دەدوێن ، میرنشینی بابانیش بەپێ ی نوسینی هاوڕێ ساڵی ١٨٥١ز روخاوە.

وە دیسان نامەکە کە لەمەککەوە ناردرابێ هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە چونکە سالم باس لەشام دەکات وەك دەڵێ:

بۆ موڵکی شامە نامەیی من سویی نالیە

هەر حەرفی ئەوە لەوەزعی ویلایەت دەدا خەبەر.

بەهەر حاڵ خوێنەر (بۆ ئەم مەبەستە) دەتوانێ بچێ بەدوای چەپکێك لە گوڵزاری نالی دانراوی ماموستا مەسعود موحەممەد یان: پێشەکی دیوانی ناڵی هی فاتح عبد الکریم یان: لە ڕێگای ئەدەب و لە پێناو نالی دا هی موحەممەدی مەلا کریم

چون بەدوای یەك بەیەكی هەڵەكانی هاوڕیٚ باخەواندا سەلیقەی دەویٚ كە ئیٚمە نیمانە ، بەهیوای ئەوەی مەبەستەكەمان گەیشتبیٚ .

## سەرچاوەکان لەدوای قورئانی پیرۆز :


١. أربل في مختلف العصور اللواء والمدينة/محامي عباس عزاوي ، طبعة الأولى ٢٠٠١ .

٢. بە ئیسلامکردنی کورد ماستەر نامە یان هەڵە نامە؟ ، فاضل قەرەداغی ، چاپی دووەم ٢٠٠٦ .

٣. تەنها محمد ، پشتیوان کاکل ، ٢٠٠٦ .

٤. حاجی قادری کۆیی، مسعود محمد . چاپی دووەم ، دەزگای ئاراس .

٥. شذرات الذهب في أخبار من الذهب ، إبن العماد الحنبلي ، دار إحياء التراث العربي –بيروت .

٦. عقد الجمان في تراجم العلماء والأدباء الكرد / حمدي عبد المجيد سلفي و تحسين إبراهيم الدوسكي ، الطبعة الأولى ٢٠٠٨ م .

٧. علماء ومدارس في أربيل / زبير بلال إسماعيل ، ١٩٨٤ .

٨. علماؤنا في خدمة العلم والدين/عبد الكريم محمد مدرس ، الطبعة الأولى ١٩٨٣ .

٩. عنوان المجد في بيان أحوال بغداد وبصرة ونجد ، العلامة إبراهيم فصيح حيدري ، مطبعة دار البصري–بغداد .
١٠. فەتواکەی مەلای خەتیّ ئەفسانەی میژوونوسیّك ، حەسەن مەحمود حەمە کەریم ، چاپی یەکەم ٢٠٠٦ .
١١. کورد لەنێوان بەئیسلام کردن و ئیسلام بوندا/ هیوا سەلام .
١٢. کورد و خزمەتی ئیسلام لەکتێبی کورد و وڵاتەکەیان ، لەدانراوی : کەپتان شێخ أ.وەحید ، دەزگای ئاراس ، هەولێر ، چاپی یەکەم ، ٢٠١١ .
١٣. کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامی دا ، حەسەن مەحمود حەمە کەریم ، چاپی چوارەم ٢٠٠٧ .
١٤. لەپەرۆشەکانی ژیان/ مسعود محمد ، چاپی دووەم ، دەزگای ئاراس .
١٥. مەلا ئیدریسی بەدلیسی رۆڵی لەیەکخستنی میرنشینە کوردیەکاندا ، حەسەن مەحمود حەمە کەریم ، چاپی یەکەم: ٢٠٠٨ .

١٦.محمد پاشا الرواندوزي ، طاهر عبد الله سليمان ، الطبعة الأولى ٢٠٠٢.
١٧.مشاهير الكرد وكردستان ، محمد أمين زكي ، مطبعة شڤان- السليمانية ٢٠٠٥ .
١٨.مێژووی پەخشانی کوردی ، عەلائەددین سەجادی ، دەزگای ئاراس .
١٩.مێژووی زانایانی کورد ، مەلا طاهیر مەلا عبد الله بەحەرکەیی ، چاپی یەکەم ٢٠١٠ .
٢٠.مێژووی وێژەیی کوردی ، سیدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە) ، چاپی دووەم ، دەزگای ئاراس .
٢١. مێژووی ئەدەبی کوردی ، د.مارف خەزنەدار ، چاپی دووەم ، دەزگای ئاراس .
٢٢.هاوسەنگکردنەوەی تەرازوویەکی سەنگەلا ، مسعود محمد ، و:حەکیم کاکەوەیس .
٢٣.ئیدریسی بدلیسی، موحەممەد بایرەقدار- وەرگێڕانی : شکور موستەفا ، دەزگای ئاراس .